# موسـلـمـانـان......
# لـەسـەر هـەواو ئـارەزوو
# بەنـاوی ئیسـلامەوە
# یەکتری مەبوغزێنن

ئامادەکردنی

حەمـزە بـەرزنـجی

١٤٣٣ کۆچی - ٢٠١٢ زایینی

## پێشکەشە:

**١-بەو کەسانەی گوێ لە هەموو وتەیەك دەگرن و شوێن چاکەکانی دەکەون.**

**٢-بەو گەنجە دڵسۆزانەی دەیانەوێت هەڵوێستەکانیان شەرعی بێت.**

**٣-بە هەموو کۆمەڵە ئیسلامیەکان. ئەوانەی دەڵێن ئەمانەوێت شەرعی خوای گەورە سەروەر بێت.**

**٤-بە موسڵمانان بە گشتی.**

http://www.facebook.com/hamzabarzngy

---

ناوی کتێب/ موسڵمانان. لەسەر هەواو ئارەزوو بەناوی ئیسلامەوە یەکتری مەبوغزێنن.

ئامادەکار/ حەمزە بەرزنجی

نۆبەی چاپ/ یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم

(( إنَّ الحمدَ للهِ نَحمدهُ ونَستعينُهُ ونَستغفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنفُسِنا وسيّئاتِ أعمالِنا، مَنْ يهدِهِ اللهُ فلا مُضلّ لَهُ، ومَنْ يُضلِل فَلا هاديَ لَهُ، وأشهَدُ أن لا إله إلا الله وحدَهُ لا شريكَ له، وأشهَدُ أنَّ محمّداً عَبدُهُ ورَسولهُ.

﴿ ياأيهُّا الذينَ آمنوا اتّقوا اللهَ حَقَّ تُقاتهِ ولا تَموتُنَّ إلاّ وأنْتُم مُسلِمونَ ﴾ (آل عمران: ١٠٢)

﴿ ياأيهُّا النّاسُ اتّقوا ربَّكُمُ الّذي خَلَقَكم مِنْ نَفسٍ واحدَةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كثيراً و نِسآءاً واتّقوا الله الذّي تَسآءلونَ بهِ وَالأرحامَ إنّ الله كانَ عليكمُ رَقيباً ﴾ ( النساء:١)

﴿ ياأيُّها الذين آمَنوا اتّقوا اللهَ وقولوا قولاً سَديداً يُصلِحْ لَكُمْ أعمالَكُم ويَغفِر لَكُمْ ذُنوبَكُم وَمَنْ يُطعِ الله وَرَسولَهُ فَقَدْ فازَ فوزاً عَظيماً﴾. ( الأحزاب: ٧٠-٧١)

أما بعدُ فإنّ أصدقَ الحديثِ كِتابُ الله، وخيرَ الهَدي هَدِيُ مُحمّد(ρ)، وشَرَّ الأمُور مُحدَثاتُها، وكُلَّ مُحدَثةٍ بِدعة، وكلَّ بِدعَةٍ ضَلالَةً، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النّار )).

**یەكێك لەو دەردە كوشندانەی ئەمڕۆكە تووشی ئوممەتی ئیسلامی بووە پارچە پارچەیی‌و لەت و پەت بوونە. بەجۆرێك هەر ولاّتێك چەندان پارت و ڕێكخراوو كۆمەڵی ئیسلامی تیایدا كار دەكەن و هەریەكێكیشیان خۆی بە پێشترو كار دروستترو نزیكترین كۆمەڵ دەداتە قەڵەم لە شەرعەوە. ئەمەش ووزەو توانای موسڵمانانی پارچە پارچە كردووەو بوینەتە ئەو كەفەی هیچ حسابێك بۆ ژمارە زۆریمان ناكرێت. ئەمە جگە لەو هەموو تەنازولە گەورانەی لە عەقیدەدا لێیان دەبینرێت. وێڕای چاكەكانیشیان بێ ئەژمار ناشەرعییان پێوە دیارە،**

زۆرێـك لـه وەسـیلەكانیان نـا دروسـت و بـێ جـێن، تەقلیـدی عەلمانییـەكان دەكەنەوە، پەروەردەو ڕەسەنایەتییان لە بیر كردووە.
بـەڵام ئـەوەی لەمـە ناڕەحـەت تـر و كوشـندەترە: ڕاسـت بوونـەوەی كۆمەڵـە گەنجێكە كە پابەنـد بوون و دڵسۆزییان تێدا دەبینرێت بەڵام ناشارەزاو كـەم عیلم هاتوون و سەرجەم كاری چاك و خراپی ئەوانی تر یەكسانی سفر دەكـەن و خۆیان بە هەقی تەواوو ڕێگای بەهەشت و تاقمی حەفتاو سێیەم و ئـەوانی تـریش بـە گـومڕاو لادەرو حیزبـی و فاسـق و بیدعەچـی ناودەبـەن، بـە بـێ جیاكردنەوەیەك لە نێوان قاعیدەو قەواعیدو زاناو نەزان و چاك و خراپدا. ئیتر بە تەواوەتی كەوتوینەتە گیانی خۆمان و مزگەوتـەكانمان لـە جیاتی عیبادەت و بانگـەوازو كـاری پـەروەردەی خـەڵك لەسـەر عەقیـدەو ئیمـان سـەرقاڵی ئـەوە بووین فلاَن گروپ سلاَو لـە فیسار گروپ ناكات، فلاَنـە كـەس دروسـت نىیـە سـلاَوی لێ بكرێـت و ئینحیرافـی كـردووە!! بـە دەسـتی خۆمـان یـەكتری لـە بەرچـاوی خـەڵكی عەوامـدا ناشـیرین دەكـەین، جـارێ هەڵوەشـێنەرەوەكانی ئیمانمـان لەبـەر نـەكردووە حـوكمی تەبـدیع و تەفسـیق و تـەجریم و تـەهجیرو تەزلیلێك دەردەكەین بەسەر موسڵمانانی ڕوو بە قیبلەماندا كە پێچەوانەیە بە ڕێزگـرتن و خۆشویسـتن و برایـەتی ئیمـانی. وە ئەمـەش كـارێكی ترسـناكە چونكە دەركردنـی حوكمێكـە بـەبێ عیلم، نـەك حـەڵاڵ كردنـی حەرامێكـە بگـرە شـكاندنی واجبێكـی شـەرعىیە ئەگـەر بەڵگـەو پاسـاوی شـەرعی پـێ نـەبێت، ددانـەكانمان لەیـەك كردۆتـە عـەورەت و شـاردومانەتەوەو ڕوو گـرژو تـاڵ بـە قینەوە بۆ یەكتر دەڕوانین. لەبەرامبەر دوژمنانیشدا بە پاساوی زەمەنی مەككی نەرم و تەنازولكەرو موتەوازیعین.
جا بە پێویستم زانی لـەم گەرمـەی بازاڕی حیزبایەتىیـەدا ئـەم بیرخستنەوەیە یادی خۆم و قوتابىو نزیكانی خۆم و پاشان بیری سەرجەم موسڵمانانی تری

برام بهێنمەوە، تا بزانین تا چەندێك ئەم كارە ڕەوایەو هەڵوێستی شەرعیمان لەو بارەیەوە بۆ ئەم زەمەنە چۆن بێت:

١- خوای گەورە ئیماندارانی بە برای یەك داناوەو داوای لێ كردوین ئیصلاحی نێوان خۆمان بكەین وەك دەفەرموێت: ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾. الحجرات/١٠

واتە: بەڕاستی هەر بڕواداران برای یەكن، جا ئەگەر لەنێوان دوو براتاندا، ناكۆكی پەیدا بوو ئێوەش بەزوویی نێوانیان چاك بكەن و ئاشتیان بكەنەوە. وە هەمیشە لەخوا بترسن لەهەموو گوتارو كردارێكتاندا، بەشكو خوا ڕەحمتان پێبكات.

وە فەرمانی پێكردوین كە یەك پارچە بین و پەرتەوازە نەبین، وەك دەفەرموێت: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا...﴾آل عمران/١٠٣

واتە: بەتێكڕا گشتتان دەست بە ڕشتەی ئاینی خواو قورئانەكەیەوە بگرن و، چەند بەرەكە(و لێك جیا) مەبن.

٢- پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە چەندان شوێندا هانمان دەنێت كە یەكپارچە بین برای یەكبین و پەرتەوازەو ڕقن و بوغزن نەبین بەرامبەر یەكتریو پشت لەیەك نەكەین و وەك یەك لاشە بین بۆ یەكترو سڵاوو قسە لەیەك دانەبڕین، بگرە بەردەوام دەم بە خەندەو ڕوو گەشاوە بین بەرامبەر بە یەك:

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (لاتحاسدوا ولاتقاطعوا، ولاتباغظوا ولاتدابروا، وكونوا عباد الله إخوانا) البخارى في (الصحيح) رقم (٦٠٧٦) و(-الأدب المفرد) رقم (٢٩٨).

واتە: حەسوودی بەیەك مەبەن و پەیوەندی لەگەڵ یەكتری مەپچڕێنن، بەغزو كین لەیەك هەڵمەگرن و پشت لەیەكتر مەكەن، هەموو بەندەی خواو برای یەكتری بن.

وه دەفەرموێت: (( مثل المؤمنين في توادهم وتعاطفهم كمثل الجسدالواحد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالحمى والسهر)). أخرجه البخارى في ( الصحيح ) برقم (٢٥٨٦).

واتە: نموونەی بڕ واداران لە یارمەتی دان و سۆزیان دا بۆ یەکتر وەکو نموونەی یەك لاشە وان کە ئەگەر ئەندامێکی ئازاری ببێ هەموو لاشە بەجارێ بەدوایدا تاو شەونخونی دایدەگرێ .

وه دەفەرموێت(ﷺ): (( ألا أنبئكم بأفضل من درجة الصلاة والصيام والصدقة والأمر بالمعروف والنهي عن المنكر ؟ قالوا بلى يارسول الله! قال: صلاح ذات البين . فإن فساد ذات البين هي الحالقة لاأقول تحلق الشعر ولكن تحلق الدين )). أخرجه أبو داود في (السنن) رقم (٤٩١٩) والترمذي وابن حبان وأحمد وصححه الألباني انظر: صحيح غاية المرام ( ٤١٤ ).

واته: ئايا هەواڵتان بدەمێ بەچاكتر لەپلەی نوێژوو ڕۆژوو خێرو فەرمان كردن بە چاكەو بەرگری كردن لەخراپە؟ ووتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ρ): فەرمووی: چاك كردنی نێوان خۆتان چونكە تێكدانی نێوان خەڵكی تاشێنەرە. من ناڵێم مو دەتاشێ، بەڵكو دین دەتاشێ .

وه دەفەرموێت(ﷺ): (( تفتح أبواب الجنة كل يوم اثنين وخميس. فيغفر لكل عبد لايشرك بالله شيئا ؛ إلا رجلا كان بينه وبين أخيه شحناء ؛ فيقال: انظروا هذين حتى يصطلحا )). مسلم في (الصحيح) رقم (٢٥٦٥).

واتە: هەموو ڕۆژانی دووشەممەو پێنج شەممانێك دەرگاكانی بەهەشت دەكرێتەوەو خوای گەورە لە هەموو بەندەیەك خۆش دەبێت كە هاوبەشی بۆ خوا دانەنابێت. جگە لە پیاوێك نەبێ كە لە نێوان خۆیو براكەی دا نارەحەتییەك هەبێت لە دڵیدا بەرانبەری. دەوترێت: ئەم دووانەش واز لێ بێنن و چاوەڕوانیان بكەن تا ئاشت دەبنەوە.

وه دەفەرموێت(ﷺ): (( لايحل لمسلم أن يهجر أخاه فوق ثلاث، يلتقيان فيصد هذا ويصد هذا وخيرهما الذي يبدأ بالسلام )). البخارى في (الصحيح) رقم (٦٠٧٧) و(الأدب المفرد) رقم (٤٠٦) ومسلم في(الصحيح) رقم (٢٥٦٠).

واته: حەڵاڵ نیه بۆ هیچ موسڵمانێك كه قسه لەگەڵ براكەی دابڕێت زیاد له سێ ڕۆژ، كاتێ بگەن بەیەك ئەم لا وەرگێڕێ‌و ئەو لا وەربگێڕێت. وەچاكترینیان ئەوەیانە كه لەپێشدا سڵاو دەكات لەوی تر.

وه دەفەرموێت(ﷺ):((أحب الناس إلي الله أنفعهم و أحب الأعمال إلي الله عز و جل سرور تدخله علي مسلم أو تكشف عنه كربة أو تقضي عنه دينا أو تطرد عنه جوعا و لأن أمشي مع أخي المسلم في حاجة أحب إلي من أن أعتكف في المسجد شهرا و من كف غضبه ستر الله عورته و من كظم غيظا و لو شاء أن يمضيه أمضاه ملأ الله قلبه رضي يوم القيامة و من مشي مع أخيه المسلم في حاجته حتي يثبتها له أثبت الله تعالي قدمه يوم تزل الأقدام و إن سوء الخلق ليفسد العمل كما يفسد الخل العسل)). أخرجه ابن أبي الدنيا في قضاء الحوائج عن ابن عمر . وحسنه الألباني في صحيح الجامع برقم : ١٧٦. وأنظر صحيح وضعيف الجامع الصغير – (ج ١ / ص ١٧٦) برقم (١٧٦).

واته: خۆشەویسترین كەسێك بە لای خوای گەورەوە ئەو كەسەیە كە سودی زیاترە بۆ خەڵكی، وە خۆشەویسترینی كردەوەكان بەلای خوای گەورەوە بریتییە لەوەی خۆشیو كامەرانییەك بخەیتە دڵی موسڵمانێكەوە، یان ناڕەحەتییەكی لەسەر لابەریت، یان قەرزێكی بۆ بدەیتەوە، یان برسێتییەكی لەسەر نەهێڵیت، وە ئەگەر لەگەڵ برایەكی موسڵمانمدا بچم بۆ جێبەجێ كردنی پێویستییەكی خۆشەویسترە بەلامەوە لەوەی كە یەك مانگ لە مزگەوتدا ئیعتیكاف بكەم، وە هەركەسێك توڕەیی بگرێتەوە خوای گەورە عەیبی دەپۆشێت، وە هەر كەسێك توڕەیییەك بگرێتەوەو لە كاتێكدا تواناشی هەبێت دەری بڕێت و تۆڵە بكاتەوە ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دڵی پڕ دەكات لە ڕازی بوون، وە هەر كەسێك لەگەڵ برایەكی موسڵمانیدا بچێت بۆ

جیٚبەجیٚ کردنی پێویستییەکی ئەو برایەیو بۆی بچەسپێنێت ئەوا خوای گەورە قاچی دەچەسپێنێت لەو ڕۆژەدا کە قاچەکان ئەترازێن، وە ڕەوشتی ناشیرین کردەوە تێك ئەدات هەروەك چۆن سرکە هەنگوین تێك دەدات.

٣- مەنهەجی ڕاست و دروستی سەلەف و ئەهلی سوننەو جەماعەش ئەوانەن کە کەمترین جیاوازیان لە نێواندایە:

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە(ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚت) فەرمویەتی: (وقد امر الله بالجماعة والائتلاف ونهى عن الفرقة والاختلاف فقال تعالى: (واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا) ال عمران. وقال تعالى: (ان الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا لست منهم في شئ) الانعام. وقال: (ولا تكونوا كالذين تفرقوا واختلفوا من بعد ما جاءهم البينت) ال عمران. وقد اخبر ان اهل الرحمة لا يختلفون فقال تعالى: (ولا يزالون مختلفين إلا من رحم ربك) هود. ولهذا يوجد اتبع الناس للرسول اقلهم اختلافا كأهل الحديث والسنة فانهم اقل اختلافا من جميع الطوائف ثم من كان إليهم اقرب من جميع الطوائف المنتسبة الى السنة كانوا أقل أختلافا فأما من بعد من السنة كالمعتزلة والرافضة فتجدهم اكثر الطوائف اختلافا./ الرد على المنطقيين - (ص ٣٣٤)

واتە: خوای گەورە فەرمانی کردووە بە کۆمەڵ بوون و پیشتگیری یەکتر کردن و نەهی کردووە لە پەرتەوازەییو جیاجیایی فەرمویەتی: ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا...﴾. وە فەرمویەتی:﴿ إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ....﴾, وەفەرمویەتی:﴿ وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ...﴾, وە هەواڵی پێداوین بەوەی کە ئەهلی ڕەحمەت و بەزەیی جیاواز نین وەك فەرمویەتی:﴿..وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ، إِلَّا مَنْ رَحِمَ رَبُّكَ.. ﴾ هەر لەبەر ئەمەیە دەبینیت ئەوانەی کە زۆرترین پابەندیان هەیە بە شوێن پیٚ هەڵگرتنی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) کەمترین جیاوازیان تێدایە بە نمونەی ئەهلی

فەرمودەو سوننەت کە لە ناو هەموو کۆمەڵەکانی تردا کەمترین جیاوازیان تێدایە، پاشان ئەوانەی کە لەوانەوە نزیکن لە هەموو ئەو فیرقانەی کە خۆیان پاڵدەدەنە لای سوننەت، بەڵام ئەوانەی کە لە سوننەتەوە دورکەوتونەتەوە وەك موعتەزیلەو رافیزە دەبینیت لە هەموو کۆمەڵەکانی تر جیاوازیان زیاتر تێدایە.

٤- شوێنکەوتنی پێغەمبەری خواش(ﷺ) ئیدیعا نییەو کاڵاو پۆشاکێك نییە لەبەر بکرێت بەڵکو پێویستی بە کردارە نەك قسە، هەزاران ناوی بریقەدار هیچ لە حوکمی کەسێك ناگۆڕن ئەگەر ناوەڕۆك و کرداری لەگەڵدا نەبێت:

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (مَا مِنْ إمَامٍ إلَّا وَقَدْ انْتَسَبَ إلَيْهِ أَقْوَامٌ هُوَ مِنْهُمْ بَرِيءٌ قَدْ انْتَسَبَ إلَى مَالِكٍ أُنَاسٌ مَالِكٌ بَرِيءٌ مِنْهُمْ وَانْتَسَبَ إلَى الشَّافِعِيِّ أُنَاسٌ هُوَ بَرِيءٌ مِنْهُمْ وَانْتَسَبَ إلَى أَبِي حَنِيفَةَ أُنَاسٌ هُوَ بَرِيءٌ مِنْهُمْ، وَقَدْ انْتَسَبَ إلَى مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ أُنَاسٌ هُوَ مِنْهُمْ بَرِيءٌ ، وَانْتَسَبَ إلَى عِيسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ أُنَاسٌ هُوَ مِنْهُمْ بَرِيءٌ ، وَقَدْ انْتَسَبَ إلَى عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ أُنَاسٌ هُوَ بَرِيءٌ مِنْهُمْ ، وَنَبِيُّنَا قَدْ انْتَسَبَ إلَيْهِ مَنْ الْقَرَامِطَةِ وَالْبَاطِنِيَّةِ وَغَيْرِهِمْ مِنْ أَصْنَافِ الْمَلَاحِدَةِ وَالْمُنَافِقِينَ مَنْ هُوَ بَرِيءٌ مِنْهُمْ ./ مجموع الفتاوى (٣ / ١٨٥).

واتە: هیچ پێشەوایك نییە ئیلا کەسانێك خۆیان داوەتە پاڵی و بە شوێنکەوتەی خۆیان حیساب کردووە کە لە ڕاستیدا ئەو پێشەوایە بەرییە لەوان. بۆ نمونە کەسانێك خۆیان بە شوێنکەوتەی ئیمامی مالیك زانیوە کە ئەو لێیان بەرییە. کەسانێکی تر خۆیان بە شوێنکەوتەی ئیمامی ئەبی حەنیفە زانیوە ئەو لێیان بەرییە، وە کەسانێك خۆیان بە شوێنکەوتەی موسی(علیه السلام) حیساب کردووە کە ئەو لێیان بەرییە. وە کەسانێکی تر خۆیان بە شوێنکەوتەی عیسا(علیه السلام) حیساب کردووە کە ئەو لێیان بەرییە. وە کەسانێکی تر خۆیان بە شوێنکەوتەی عەلی کوڕی ئەبی

تاليب(ڕەزای خوای لێ بێت) حیساب کردووە کە ئەو لێیان بەرییە. وە پێغەمبەرمان(ﷺ) کەسانێك خۆیان بە شوێنکەوتەی داوەتە قەڵەم لە قەرامیتەو باتنییەکان و غەیری ئەوان لە پۆلە مولحیدو موونافیقەکان کە ئەو لێیان بەرییە.

٥- هەموو جەماعەیەك لۆمەکراوو خراپ نین لەبەر کۆبونەوەیان، کۆبونەوە لە دەوری پرۆژەیەکی چاك کە هاوکاری کردنی تێدا بێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی خێری بەکۆمەڵ و فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپە چاکەو بگرە هەندێ جار پێویست و واجبە. بەڵکو کێشە لەوەدایە ئەو کۆمەڵە تەنها خۆیان بە ڕاست و حەق بزانن و ئەوانی تر بە لادەرو بیدعەچی، تەعەصوبیش ئەگەر بەناوی سەلەفەوە بکرێت تاوانی گەورەترەو سەلەفیش لێی بەرییە:

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (وَأَمَّا لَفْظُ " الزَّعِيمِ " فَإِنَّهُ مِثْلُ لَفْظِ الْكَفِيلِ وَالْقَبِيلِ وَالضَّمِينِ قَالَ تَعَالَى: { وَلِمَنْ جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ } فَمَنْ تَكَفَّلَ بِأَمْرِ طَائِفَةٍ فَإِنَّهُ يُقَالُ هُوَ زَعِيمٌ ؛ فَإِنْ كَانَ قَدْ تَكَفَّلَ بِخَيْرٍ كَانَ مَحْمُودًا عَلَى ذَلِكَ وَإِنْ كَانَ شَرًّا كَانَ مَذْمُومًا عَلَى ذَلِكَ . وَأَمَّا " رَأْسُ الْحِزْبِ " فَإِنَّهُ رَأْسُ الطَّائِفَةِ الَّتِي تَتَحَزَّبُ أَيْ تَصِيرُ حِزْبًا فَإِنْ كَانُوا مُجْتَمِعِينَ عَلَى مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ وَرَسُولُهُ مِنْ غَيْرِ زِيَادَةٍ وَلَا نُقْصَانٍ فَهُمْ مُؤْمِنُونَ لَهُمْ مَا لَهُمْ وَعَلَيْهِمْ مَا عَلَيْهِمْ . وَإِنْ كَانُوا قَدْ زَادُوا فِي ذَلِكَ وَنَقَصُوا مِثْلَ التَّعَصُّبِ لِمَنْ دَخَلَ فِي حِزْبِهِمْ بِالْحَقِّ وَالْبَاطِلِ وَالْإِعْرَاضِ عَمَّنْ لَمْ يَدْخُلْ فِي حِزْبِهِمْ سَوَاءٌ كَانَ عَلَى الْحَقِّ وَالْبَاطِلِ فَهَذَا مِنْ التَّفَرُّقِ الَّذِي ذَمَّهُ اللَّهُ تَعَالَى وَرَسُولُهُ فَإِنَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أَمَرَا بِالْجَمَاعَةِ والائتلاف وَنَهَيَا عَنْ التَّفْرِقَةِ وَالِاخْتِلَافِ وَأَمَرَا بِالتَّعَاوُنِ عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَنَهَيَا عَنْ التَّعَاوُنِ عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ./ مجموع الفتاوى (١١ / ٩٢)

واتە: ووشەی (الزعیم) وەك ووشەی (الكفیل) و (القبیل) و (الضمین) وایە، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَلِمَنْ جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ﴾ جا هەرکەسێك

سەرپەرشتیاری کاروباری کۆمەڵێکی کەوتە بەردەست پێی دەڵێن ئەو کەسە زەعیمە. جا ئەگەر سەرپەرشتیاری کاری چاك بگرێتە ئەستۆ ئەوا لەسەر ئەم کارە سوپاسکراوەو کارەکەی چاکە، وە ئەگەر کارەکەی خراپ بوو ئەوا زەم کراوو خراپە، وە سەرۆکی حیزب سەرو سەرکردەی کۆمەڵێکە کە کۆبونەتەوە واتە بونەتە حیزب، جا ئەگەر لەسەر جێبەجێ کردنی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) کۆبوبونەوە بە بێ زیادەو کەم کردن ئەوا ئەمانە ئیماندارن و ئەو مافانەیان هەیە کە ئیمانداران هەیەتی‌و ئەو مافانەشیان لەسەرە کە ئیمانداران لەسەریانە، بەڵام ئەگەر لەوەدا زیادو کەمیان تێ خست وەك دەمارگیری بۆ ئەو کەسەی دێتە ناو حیزبەکەیان بە هەق و بەتاڵ، وە پشت کردن لەو کەسانەی کە ناچێتە ناو حیزبەکەیان جا ئیتر ئەو کەسە لەسەر حەق بێت یان بەتاڵ: ئەوا ئەم کارە لەو تەفرەقەو جیاوازی‌یەیە کە خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) زەمیان کردووە، چونکە خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) فەرمانیان کردووە بە کۆمەڵ بوون و پشتیوانی کردنی یەك و نەهیان کردووە لە پەرتەوازەیی‌و ئیختیلاف، وە فەرمانیان کردووە بە یارمەتی دانی یەکتری لەسەر چاکەو لەخواترسان و نەهیان کردووە لە یارمەتی دانی یەکتر لە تاوان و دوژمنایەتی‌دا.

٦- لای ئەهلی سوننەو جەماعەت دوای پێغەمبەری خوا(ﷺ) هیچ کەس مەعصوم نی‌یەو هەقی تەواو لەودا کۆنەبۆتەوە، تەرازوی هەڵسەنگاندنی کەسەکان ئەندازەی چاك و خراپیانە، بە کەسدا هەق ناناسرێتەوە چونکە کەسە زیندووەکان نازانرێت عاقیبەتیان خێر دەبێت یان نا، زۆرکەسی شارەزاو بانگخوازو کاریگەر هەبوون کە -پەنا بەخوای گەورە- ئێستا لەرێدا کەوتوون، کەواتە هەق بناسە هەڵگرانی حەقت بۆ دەردەکەوێت، وە سزای کەسیش دروست نی‌یە مەگەر بە پێی شەرع، نەك لەبەر هاتن و نەهاتنە ناو ریزی حیزب و لایەنێك یان گروپێکی بچوك، چونکە ئیسلام زۆر لەوە

گەورەترە. ئەگەر كەسێكیش تاوان و بیدعەیەكی بچوك بكات ناموس و كەرامەت و خوێنی حەڵاڵ نابێت و هەجر ناكرێت و دروست نی‌یە باس بكرێت، چونكە كەس نی‌یە بێ نوقسانیو بێ گوناه بێت، بەڵكو بە ووتەی جوان و نەرم چاك دەكرێت و ڕاست دەكرێتەوە، وە بە ئەندازەی چاكەكانی دۆستایەتی دەكرێت و بە ئەندازەی تاوانیشی سزا دەدرێت لە هەر كۆمەڵ و بازنەیەكدا بێت، جا لەگەڵ خۆتدا بێت یان لە بازنەكەی تر:

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (وَلْيَعْلَمْ أَنَّ الْمُؤْمِنَ تَجِبُ مُوَالَاتُهُ وَإِنْ ظَلَمَك وَاعْتَدَى عَلَيْك وَالْكَافِرُ تَجِبُ مُعَادَاتُهُ وَإِنْ أَعْطَاك وَأَحْسَنَ إلَيْك ؛ فَإِنَّ اللَّهَ سُبْحَانَهُ بَعَثَ الرُّسُلَ وَأَنْزَلَ الْكُتُبَ لِيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ فَيَكُونُ الْحُبُّ لِأَوْلِيَائِهِ وَالْبُغْضُ لِأَعْدَائِهِ وَالْإِكْرَامُ لِأَوْلِيَائِهِ وَالْإِهَانَةُ لِأَعْدَائِهِ وَالثَّوَابُ لِأَوْلِيَائِهِ وَالْعِقَابُ لِأَعْدَائِهِ . وَإِذَا اجْتَمَعَ فِي الرَّجُلِ الْوَاحِدِ خَيْرٌ وَشَرٌّ وَفُجُورٌ وَطَاعَةٌ وَمَعْصِيَةٌ وَسُنَّةٌ وَبِدْعَةٌ: اسْتَحَقَّ مِنْ الْمُوَالَاةِ وَالثَّوَابِ بِقَدْرِ مَا فِيهِ مِنْ الْخَيْرِ وَاسْتَحَقَّ مِنْ الْمُعَادَاتِ وَالْعِقَابِ بِحَسَبِ مَا فِيهِ مِنْ الشَّرِّ فَيَجْتَمِعُ فِي الشَّخْصِ الْوَاحِدِ مُوجِبَاتُ الْإِكْرَامِ وَالْإِهَانَةِ فَيَجْتَمِعُ لَهُ مِنْ هَذَا وَهَذَا كَاللِّصِّ الْفَقِيرِ تُقْطَعُ يَدُهُ لِسَرِقَتِهِ وَيُعْطَى مِنْ بَيْتِ الْمَالِ مَا يَكْفِيهِ لِحَاجَتِهِ . هَذَا هُوَ الْأَصْلُ الَّذِي اتَّفَقَ عَلَيْهِ أَهْلُ السُّنَّةِ وَالْجَمَاعَةِ وَخَالَفَهُمْ الْخَوَارِجُ وَالْمُعْتَزِلَةُ وَمَنْ وَافَقَهُمْ عَلَيْهِ فَلَمْ يَجْعَلُوا النَّاسَ لَا مُسْتَحِقًّا لِلثَّوَابِ فَقَطْ وَلَا مُسْتَحِقًّا لِلْعِقَابِ فَقَطْ ./ مجموع الفتاوى (٢٨ / ٢٠٩)

واتە: جا با بزانرێت كە ئیماندار پشتگیری كردن و خۆشویستنی واجبە ئەگەر چی ستەمیشت لێ بكات و سنوریشت ببەزێنێت، وە كافریش دوژمنایەتی كردنی واجبە ئەگەر چی پێشت ببەخشێت و چاكەشت لەگەڵ بكات، چونكە خوای گەورە پێغەمبەرانی ڕەوانە كردووەو كتێبەكانی ناردۆتە خوارەوە تا دین هەمووی بۆ خوا بێت، وە خۆشەویستی بۆ دۆستانیو ڕق و كینیش لە دوژمنانیو ڕێز بۆ دۆستانیو ڕیسوایی بۆ دوژمنانی و پاداشت بۆ دۆستانیو

سزاش بۆ دوژمنانی بێت. جا ئەگەر لەیەك كەسدا چاكەو خراپە، تاوان و گوێڕایەڵی و تاوان، سوننەت و بیدعە كۆبویەوە: ئەوا بە ئەندازەی چاكەكەی شایستەی دۆستایەتی كردن و پاداشتە، وە بە ئەندازەی خراپەكەشی شایستەی دوژمنایەتی و سزایە، بۆیە ئەگونجێت لەیەك كەسدا سیفاتانێك كۆببێتەوە كە شایستەی ڕێزو سیفاتانێكی تر كۆببێتەوە كە شایستەی سزابێت، وەك ئەو كەسە هەژارەی دزی دەكات، لەبەر تاوانی دزیەكەی دەستی دەبڕدرێت و لەبەرامبەریشدا لە بیت المال ئەوەندەی دەدرێتێ كە پێویستی نەهێڵرێ. ئەمەش ئەو بنچینەیەیە كە ئەهلی سونەو جەماعە لەسەری یەكدەنگ و كۆكن و خەواریج و موعتەزیلەو ئەوانەی لەگەڵیانن لەمەدا پێچەوانەیانن، بۆیە ئەهلی سوننە خەڵكیان وا بەش نەكردووە كە تەنها هەر دەبێت یان شایستەی پاداشت بێت یان تەنها شایستەی سزاو بەس.

٧- ئەگەر كەسێك هەر گوێی نەگرت و ملی نەداو هەر خەریكی موسڵمان شكاندن و بوغزاندن و خەڵك تەفسیق و تەبدیع و تەهجیر كردن بوو، وەهەر خۆی بەڕاست زانی، ئەوا با بە ناوی خۆیەوە قسە بكات نەك ئیسلام و ئەهلی سوننەو جەماعەت و سەلەف، چونكە ئەوان لەم كارە ناشیاوانە بەرین، وە با باش بزانێت كە بەم كارەی دوژمانیەتی بانگەوازكارانی ڕێبازی سەلەف دەكات، چونكە جگە لە خەڵك لە دین تۆراندن و گەرمكردنی بازاڕی ڕێبازە خراپەكان زیاتر بەرهەمی تری نابێت و لەناو موسڵمانانیشدا كەس گوێ لە ئامۆژگاریەكانی ناگرێت، وە بۆ هیچ قوتابیو شاگردێكی ئەو كەسانە ڕەوا نیە لەمەدا بەگوێیان بكەن و هەستن بە قسە دابڕین لە هیچ موسڵمانێك بەبێ بێ پاساوی شەرعی، مەگەر بەرامبەر كەسێك بانگەواز بكات بۆ خراپە كە پێویستە بەبەڵگەی ڕۆشن و بە نییەتی پاك و مەبەستی ئیصلاح كردن دوور لە

هەواو غەرەزی نەفس بێت ئەویش دوای ئیقامە حوججە کردن و نەصیحەتی تەواو، کە ئەمەش کای زاناکانە نەك عۆمیو نەفام و کەم شارەزا:

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (وَلَيْسَ لِأَحَدِ أَنْ يُعَاقِبَ أَحَدًا عَلَى غَيْرِ ظُلْمٍ وَلَا تَعَدِّي حَدٍّ وَلَا تَضْيِيعِ حَقٍّ ؛ بَلْ لِأَجْلِ هَوَاهُ ؛ فَإِنَّ هَذَا مِنْ الظُّلْمِ الَّذِي حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ ؛ فَقَدْ قَالَ تَعَالَى: فِيمَا رَوَى عَنْهُ نَبِيُّهُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ " { يَا عِبَادِي إنِّي حَرَّمْت الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْته بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا فَلَا تَظَالَمُوا } . وَإِذَا جَنَى شَخْصٌ فَلَا يَجُوزُ أَنْ يُعَاقَبَ بِغَيْرِ الْعُقُوبَةِ الشَّرْعِيَّةِ وَلَيْسَ لِأَحَدِ مِنْ الْمُتَعَلِّمِينَ وَالْأُسْتَاذَيْنِ أَنْ يُعَاقِبَهُ بِمَا يَشَاءُ وَلَيْسَ لِأَحَدِ أَنْ يُعَاوِنَهُ وَلَا يُوَافِقَهُ عَلَى ذَلِكَ مِثْلُ أَنْ يَأْمُرَ بِهَجْرِ شَخْصٍ فَيَهْجُرَهُ بِغَيْرِ ذَنْبٍ شَرْعِيٍّ أَوْ يَقُولَ: أَقْعَدْته أَوْ أَهْدَرْته أَوْ نَحْوَ ذَلِكَ فَإِنَّ هَذَا مِنْ جِنْسِ مَا يَفْعَلُهُ القساقسة وَالرُّهْبَانُ مَعَ النَّصَارَى والحزابون مَعَ الْيَهُودِ وَمِنْ جِنْسِ مَا يَفْعَلُهُ أَئِمَّةُ الضَّلَالَةِ وَالْغَوَايَةِ مَعَ أَتْبَاعِهِمْ . وَقَدْ قَالَ الصِّدِّيقُ الَّذِي هُوَ خَلِيفَةُ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي أُمَّتِهِ: أَطِيعُونِي مَا أَطَعْت اللَّهَ فَإِنْ عَصَيْت اللَّهَ فَلَا طَاعَةَ لِي عَلَيْكُمْ . وَقَدْ قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ " { لَا طَاعَةَ لِمَخْلُوقِ فِي مَعْصِيَةِ الْخَالِقِ } . وَقَالَ: " { مَنْ أَمَرَكُمْ بِمَعْصِيَةِ اللَّهِ فَلَا تُطِيعُوهُ } .

فَإِذَا كَانَ الْمُعَلِّمُ أَوْ الْأُسْتَاذُ قَدْ أَمَرَ بِهَجْرِ شَخْصٍ ؛ أَوْ بِإِهْدَارِهِ وَإِسْقَاطِهِ وَإِبْعَادِهِ وَنَحْوِ ذَلِكَ: نُظِرَ فِيهِ فَإِنْ كَانَ قَدْ فَعَلَ ذَنْبًا شَرْعِيًّا عُوقِبَ بِقَدْرِ ذَنْبِهِ بِلَا زِيَادَةٍ وَإِنْ لَمْ يَكُنْ أَذْنَبَ ذَنْبًا شَرْعِيًّا لَمْ يَجُزْ أَنْ يُعَاقَبَ بِشَيْءِ لِأَجْلِ غَرَضِ الْمُعَلِّمِ أَوْ غَيْرِهِ . وَلَيْسَ لِلْمُعَلِّمِينَ أَنْ يحزبوا النَّاسَ وَيَفْعَلُوا مَا يُلْقِي بَيْنَهُمْ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ بَلْ يَكُونُونَ مِثْلَ الْإِخْوَةِ الْمُتَعَاوِنِينَ عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾.

وَلَيْسَ لِأَحَدِ مِنْهُمْ أَنْ يَأْخُذَ عَلَى أَحَدٍ عَهْدًا بِمُوَافَقَتِهِ عَلَى كُلِّ مَا يُرِيدُهُ؛ وَمُوَالَاةِ مَنْ يُوَالِيهِ؛ وَمُعَادَاةِ مَنْ يُعَادِيهِ بَلْ مَنْ فَعَلَ هَذَا كَانَ مِنْ جِنْسِ جنكيزخان وَأَمْثَالِهِ الَّذِينَ يَجْعَلُونَ مَنْ وَافَقَهُمْ صَدِيقًا مُوَالِيًا وَمَنْ خَالَفَهُمْ عَدُوًّا بَاغِيًا؛ بَلْ عَلَيْهِمْ وَعَلَى أَتْبَاعِهِمْ عَهْدُ اللَّهِ وَرَسُولِهِ

بِأَنْ يُطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ؛ وَيَفْعَلُوا مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ وَرَسُولُهُ؛ وَيُحَرِّمُوا مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ؛ وَيَرْعَوْا حُقُوقَ الْمُعَلِّمِينَ كَمَا أَمَرَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ. فَإِنْ كَانَ أُسْتَاذُ أَحَدٍ مَظْلُومًا نَصَرَهُ وَإِنْ كَانَ ظَالِمًا لَمْ يُعَاوِنْهُ عَلَى الظُّلْمِ بَلْ يَمْنَعُهُ مِنْهُ ؛ كَمَا ثَبَتَ فِي الصَّحِيحِ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ قَالَ: " { اُنْصُرْ أَخَاك ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنْصُرُهُ مَظْلُومًا فَكَيْفَ أَنْصُرُهُ ظَالِمًا قَالَ: تَمْنَعُهُ مِنْ الظُّلْمِ فَذَلِكَ نَصْرُك إيَّاهُ }. / مجموع الفتاوى (٢٨ / ١٥)

واته: وه بۆ هیچ كەسێك نیه كه سزای هیچ كەسێك بدات لەسەر شتێكی تری غەیری ئەوەی هەستابێت بەستەم و دەست درێژی كردن لەسنوورو ماف فەوتاندن، بەڵكو سزای بدات لەبەر ئارەزووی خۆی. چونكه ئەمە لەو ستەمەیه كە خواو پێغەمبەرەكەی(ﷺ) حەرامیان كردووه. چونكه خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی بەندەكانم، من ستەمم لەسەر خۆم حەرام كردووەو لەنێوان ئێوەش دا حەرامم كردووه، دەسا ستەم لەیەك مەكەن .

وەهەر كەسێك گوناهێكی كرد ئەوا نابێ سزا بدرێت بەبێ سزایەكی شەرعی، وه بۆهیچ مامۆستایەك نیه كه سزای بدات بەهەر شێوەیەك كه خۆی بیەوێ.

وه بۆ هیچ كەسێك نیه كه هاوكاری بكات لەسەر ئەمەو ڕازی بێت لەسەری، لە نموونەی ئەوەی فەرمان بكات بەقسە دابڕین لەگەڵ كەسێكداو قسەی لەگەڵدا ببڕێ بەبێ گوناهێكی شەرعی . یان بڵێ: دامنیشاند یان دەرم كردو لەو بابەتانە . چونكه ئەمە لەڕەگەزی ئەو كردەوەیە كە قەشەو ڕاهیبەكان دەیكەن لەگەڵ گاورەكاندا، وه لەنموونەی كاری حیزبەكانە لەگەڵ جولەكەكاندا دەیكەن. وەلە ڕەگەزی كردەوەی پێشەوا گومڕاو سەرگەردانەكانە كە لەگەڵ شوێن كەوتوانیاندا دەیكەن. ئەوەتا ڕاست گوێ جێ نشینی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەناو ئوممەتەكەیدا دوای خۆی(أبوبكر) دەفەرموێ: گوێ ڕایەڵیم بكەن تا ئەو كاتەی گوێ ڕایەڵی خوا ئەكەم! ئەگەر سەرپێچی خوام

کرد ئەوا گوێ ڕایەڵی من نییە لەسەر ئێوە. وە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: گوێ ڕایەڵی بۆ هیچ کەسێك نییە ونابێ بکرێت لەفەرمانێکدا کە سەر پێچی خوای بەدیهێنەر بێت. وە دەفەرموێت: هەرکەسێك فەرمانی پێ کردن بە سەرپێچی کردنی خوا بەگوێی مەکەن.
کەواتە ئەگەر مامۆستایەك فەرمانی کرد بەقسە دابڕین لەگەڵ کەسێك یان فەرمانی کرد بە دەرکردن یان لادانی یان دوورخستنەوەی و شتی لەمانە: ئەوا لەو کاتەدا تەماشا دەکرێت ئەگەر کەسەکە گوناهێکی شەرعی کردبوو ئەوا بەئەندازەی گوناهەکەی سزا دەدرێت بەبێ زیادە . وە ئەگەر گوناهی نەکردبوو ئەوا جائیزنیە کە سزا بدرێت بەهیچ شتێك لەبەر خاتری ویستی مامۆستا یان غەیری ئەو.
وە بۆمامۆستایان نییە کە خەڵکی کۆبکەنەوە بە حیزبایەتیو کارێك بکەن کە دوژمنایەتیو بوغز بخەنە نێوانیان، بەڵکو دەبێ وەکو برای یارمەتی دەری یەك وابن لەسەر چاکەو تەقوا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وتعاونوا على البر والتقوى ولاتعاونوا على الأثم والعدوان ﴾ وە بۆهیچ کەسێك لەو مامۆستایانە نییە کە پەیمانێك لەهیچ کەسێك بسەنێ بەوەی کە ئەو کەسە موافقەی بکات لەهەموو شتێکدا کە ئەو بیەوێو دۆستایەتی ئەو کەسە بکات کە ئەو دۆستێتیو دوژمنایەتی ئەو کەسە بکات کە ئەو دوژمنێتی، بەڵکو هەرکەسێ ئاوا بکات ئەوا لەڕەگەزی جەنگیزخان و هاووێنەکانیەتی کە هەرکەسێ موافقەی بکردنایەو لەگەڵیان بوایە دەیانکردە دۆست و نزیکان و هەرکەسێ موخالەفەو پێچەوانەیان بوایە حیسابی دوژمنی سەرپێچیکەریان بۆ دەکرد .
بەڵکو لەسەر خۆیان و شوێن کەوتوانیان پێویستە پەیمانی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) جێبەجێ بکەن و بگەیەنن بەوەی کە گوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەر(ﷺ) بن و ئەو فەرمانە بەجێ بهێنن کەخواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) فەرمانیان پێ کردووە. وە ئەو شتە بەحەرام بزانن کەخواو

پێغەمبەرەکەی(ﷺ) حەرامیان کردووەو مافەکانی مامۆستایان پەیڕەو بکەن بەو شێوەیەی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) فەرمانیان پێ کردووە. وەهەرکاتێك مامۆستای کەسێك ستەمی لێ کرا سەری بخات و ئەگەر ستەمی کرد یارمەتی نەدات لەسەر ستەمەکەی بەڵکو ڕێگری لێ بکات. هەروەك لە فەرمودەی (الصحیح)دا هاتووە: براکەت سەربخە ئەگەر ستەم کارو ستەم لێ کراوبوو، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! سەری دەخەم ئەگەر ستەمی لێ کرا، بەڵام چۆن سەری بخەم ئەگەر ستەم کاربوو؟ فەرمووی: ڕێ گیری بکە لەو ستەمەی کە دەیکات ئەوە سەرخستنی تۆیە بۆ ئەو.

٨-دۆستایەتی بە ڕەواو بۆ ڕەوایە نەك بە ستەم و هەواو ئارەزوو حەز، وە ئەگەر ئیختیلاف و ناکۆکیو کێشە کەوتە نێوانیانەوە لەسەر هەموو لایەك پێویستە لایەنی هەق بگرن و دادپەروەر بن. کێشەکان ببەنەوە بۆ لای قورئان و سوننەت نەك شتی تر، وە دوای ڕوون بوونەوەش حەق لەلای کێ بوو پێی ڕازی بن:

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (وَإِذَا وَقَعَ بَيْنَ مُعَلِّمٍ وَمُعَلِّمٍ أَوْ تِلْمِيذٍ وَتِلْمِيذٍ أَوْ مُعَلِّمٍ وَتِلْمِيذٍ خُصُومَةٌ وَمُشَاجَرَةٌ لَمْ يَجُزْ لِأَحَدِ أَنْ يُعِينَ أَحَدَهُمَا حَتَّى يَعْلَمَ الْحَقَّ فَلَا يُعَاوِنُهُ بِجَهْلِ وَلَا بِهَوَى بَلْ يَنْظُرُ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا تَبَيَّنَ لَهُ الْحَقُّ أَعَانَ الْمُحِقَّ مِنْهُمَا عَلَى الْمُبْطِلِ سَوَاءٌ كَانَ الْمُحِقُّ مِنْ أَصْحَابِهِ أَوْ أَصْحَابِ غَيْرِهِ ؛ وَسَوَاءٌ كَانَ الْمُبْطِلُ مِنْ أَصْحَابِهِ أَوْ أَصْحَابِ غَيْرِهِ فَيَكُونُ الْمَقْصُودُ عِبَادَةَ اللَّهِ وَحْدَهُ وَطَاعَةَ رَسُولِهِ ؛ وَاتِّبَاعَ الْحَقِّ وَالْقِيَامَ بِالْقِسْطِ قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿ ياأيها الذين آمنوا كونوا قوامين بالقسط شهداء لله ولو على أنفسكم أو الوالدين والأقربين إن يكن غنيا أو فقيرا فالله أولى بهما . فلا تتبعوا الهوى أن تعدلوا . وإن تلووا أو تعرضوا فإن الله كان بما تعلمون خبيرا ﴾ (النساء: ١٣٥)/ مجموع الفتاوى (٢٨ / ١٦)

واتە: وە ئەگەر لەنێوان مامۆستاو مامۆستایەکی تر، یان لە نێوان قوتابیو قوتابییەکی تر، یان مامۆستاو قوتابییەکدا دەمە بۆڵەو کێشمە کێشێك ڕوویدا، ئەوا ڕەوا نییە بۆ هیچ کەسێك کە یارمەتی هیچ لایەك بدات تا ئەو کاتەی بۆی ڕوون دەبێتەوەو ئەزانێ کامیان لەسەر حەق و ڕەوان و حەقەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، وەنابێ یارمەتی لایەکیان بدات بەنەفامێتیو ئارەزوو، بەڵکو تەماشای مەسەلەکە دەکات و کاتێ حەقەکەی بۆ دەرکەوت یارمەتی ئەو کەسەیان دەدات کە لەسەر حەقە دژی ئەوەیان کە لەسەر بەتاڵە، سائیتر ئەو حەقە هاوەڵی خۆی بێت یان هاوەڵی غەیری خۆی، یان بەتاڵەکە لەهاوەڵی خۆی بێت یان لەهاوەڵی غەیری خۆی. کەواتە لەم کاتەدا مەبەستی پەرستشی خوا دەبێت بەتەنهاو پاشان گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەیو شوێن کەوتنی حەق و هەستان بەدادپەروەری، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ياأيها الذين آمنوا كونوا قوامين بالقسط شهداء لله ولو على أنفسكم أو الوالدين والأقربين إن يكن غنيا أو فقيرا فالله أولى بهما . فلا تتبعوا الهوى أن تعدلوا . وإن تلووا أو تعرضوا فإن الله كان بما تعلمون خبيرا﴾.

پاشان دەفەرموێت: (وَمَنْ مَالَ مَعَ صَاحِبِهِ – سَوَاءٌ كَانَ الْحَقُّ لَهُ أَوْ عَلَيْهِ – فَقَدْ حَكَمَ بِحُكْمِ الْجَاهِلِيَّةِ وَخَرَجَ عَنْ حُكْمِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْوَاجِبُ عَلَى جَمِيعِهِمْ أَنْ يَكُونُوا يَدًا وَاحِدَةً مَعَ الْمُحِقِّ عَلَى الْمُبْطِلِ فَيَكُونَ الْمُعَظَّمُ عِنْدَهُمْ مَنْ عَظَّمَهُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالْمُقَدَّمُ عِنْدَهُمْ مَنْ قَدَّمَهُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالْمَحْبُوبُ عِنْدَهُمْ مَنْ أَحَبَّهُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالْمُهَانُ عِنْدَهُمْ مَنْ أَهَانَهُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ بِحَسَبِ مَا يُرْضِي اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَا بِحَسَبِ الْأَهْوَاءِ ؛ فَإِنَّهُ مَنْ يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ رَشَدَ ؛ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّهُ لَا يَضُرُّ إلَّا نَفْسَهُ . فَهَذَا هُوَ الْأَصْلُ الَّذِي عَلَيْهِمْ اعْتِمَادُهُ . وَحِينَئِذٍ فَلَا حَاجَةَ إلَى تَفَرُّقِهِمْ وَتَشَيُّعِهِمْ ؛ فَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى يَقُولُ: { إنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ } . وَقَالَ تَعَالَى: { وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ }/ مجموع الفتاوى (٢٨ / ١٧)

واتە: وە هەرکەسێك بدات بەلای هاورێ کەیداو لایەنگیری بکات –سائیتر لەسەر حەق بێت یان حەق لەسەری بێ – وە لایەنی ئەو بگرێ ئەوا حوکمی کردوە بەحوکمی نەفامێتی وە لەحوکمی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) دەرچووە.

وە واجبە لەسەر هەمووان کەیەك دەست بن لەگەڵ حەقەکەدا بۆ سەر بەتاڵەکە. بەجۆرێ گەورە لەلایان ئەو کەسە بێت کەخواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بە گەورەی دەزانن، و لەپێش ئەو کەسە بێت کەخواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بە لەپێشیان داناوە، وەخۆشەویست لایان ئەو کەسە بێت کە خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) خۆشیان دەوێ. وە ئیهانە پێ کراو ئەو کەسە بێت کە خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) ئیهانەیان کردوە. بەپێی ڕەزای خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بێت نەك بەپێی ئارەزووی خۆیان، چونکە هەرکەسێ گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) کرد ئەوا ڕێنمویی کراوەو هەرکەس سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) کرد ئەوا زیان بەکەس ناگەیەنێ بەخۆی نەبێ. ئەمەش ئەو بنچینەیە کە کاری پێ دەکەن، خۆ ئەگەر ئاوایان کرد ئەو کات پەرتەوازە بوون و کۆمەڵ بوونیان هیچ پێویست ناکات. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ إن الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا لست منهم في شيء﴾ وەدەفەرموێ: ﴿ ولاتكونوا كالذين تفرقوا واختلفوا من بعد ماجاءهم البينات﴾

پاشان دەفەرموێت: (فَإِنَّ هَذِهِ الْأُمُورَ إنَّمَا وَلَّدَهَا كَوْنُ الْأُسْتَاذِ يُرِيدُ أَنْ يُوَافِقَهُ تِلْمِيذُهُ عَلَى مَا يُرِيدُ فَيُوَالِي مَنْ يُوَالِيهِ وَيُعَادِي مَنْ يُعَادِيهِ مُطْلَقًا . وَهَذَا حَرَامٌ ؛ لَيْسَ لِأَحَدِ أَنْ يَأْمُرَ بِهِ أَحَدًا ؛ وَلَا يُجِيبَ عَلَيْهِ أَحَدًا ؛ بَلْ تَجْمَعُهُمْ السُّنَّةُ وَتُفَرِّقُهُمْ الْبِدْعَةُ/ مجموع الفتاوى (١٩/٢٨)

واتە: چونکە ئەم کارانە بە هۆی ئەوەوە دروست دەبن مامۆستایەك ئەیەوێ قوتابیەکەی موافەقەی بکات لەوەدا کە ئەم دەیەوێ، وە دۆستایەتی دۆستی بکات و دوژمنایەتی دوژمنەکەی بکات بەڕەهایی. وەئەمەش حەرامە. بۆ هیچ

کەسێك نیی‌یە کە فەرمانی ئەمە بکات بەسەر کەسێکداو، بۆ کەسیش نیی‌یە کەوەلامی ئەمە بداتەوەو بەگوێی بکات. بەڵکو دەبێ سوننەت کۆیان بکاتەوەو بیدعە پەرتەوازە یان پێ بکات . ئەنجامدانی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) کۆیان بکاتەوەو سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) جیایان بکاتەوە .

٩- حیزبایەتی و تەعەصوب بریتیی‌یە لەوەی: لەگەڵ کۆمەڵەکەی خۆتدا بیت و لایەنگیری لێ بکەیت لە چاك و خراپدا، وە هەردەم ئەوان بە ڕاست بزانیت و بەرامبەریشیان بە خراپ و بەتاڵ، عوزر بۆ هەڵەکانیان بهێنیتەوەو لە بەرامبەریشدا گومانی خراپ لە چاکەکانی بەرامبەریشت بگریت، بە دوای هەڵەیەکی ووشەیی کەسێکدا بگەڕێیت کە خۆشت ناوێت و تەسجیلی بکەیت و بەناوخەڵکی‌دا بلاوی بکەیتەوە کە لەوانەیە خۆی دواتر پەشیمان بێت لەو قسەیە. کە ئەگونجێت ئەو کەسەی لۆمەی خەڵك دەكات و ڕەخنەی حیزبی بوون لە خەڵك دەگرێت، خۆی کەوتبێتە ناو ئەم تاوان و مونکەرەی نەهی خەڵك دەكات لێی:

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (وَمَنْ حَالَفَ شَخْصًا عَلَى أَنْ يُوَالِيَ مَنْ وَالَاهُ وَيُعَادِيَ مَنْ عَادَاهُ كَانَ مِنْ جِنْسِ التتر الْمُجَاهِدِينَ فِي سَبِيلِ الشَّيْطَانِ وَمِثْلُ هَذَا لَيْسَ مِنْ الْمُجَاهِدِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ تَعَالَى وَلَا مِنْ جُنْدِ الْمُسْلِمِينَ وَلَا يَجُوزُ أَنْ يَكُونَ مِثْلُ هَؤُلَاءِ مِنْ عَسْكَرِ الْمُسْلِمِينَ ؛ بَلْ هَؤُلَاءِ مِنْ عَسْكَرِ الشَّيْطَانِ وَلَكِنْ يَحْسُنُ أَنْ يَقُولَ لِتِلْمِيذِهِ: عَلَيْك عَهْدَ اللَّهِ وَمِيثَاقَهُ أَنْ تُوَالِيَ مَنْ وَالَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَتُعَادِيَ مَنْ عَادَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَتُعَاوِنَ عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تُعَاوِنَ عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِذَا كَانَ الْحَقُّ مَعِي نَصَرْت الْحَقَّ وَإِنْ كُنْت عَلَى الْبَاطِلِ لَمْ تَنْصُرْ الْبَاطِلَ . فَمَنْ الْتَزَمَ هَذَا

كَانَ مِنْ الْمُجَاهِدِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ تَعَالَى الَّذِينَ يُرِيدُونَ أَنْ يَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ وَتَكُون كَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا/ مجموع الفتاوى (٢٨ / ٢٠)

واتە: وەهەرکەسێك ڕێككەوت لەگەڵ کەسێکداو پەیمانی بەست لەگەڵی لەسەر ئەوەی کە دۆستایەتی دۆستەکەی بکات و دوژمنایەتی دوژمنەکەی بکات ئەوا لەرەگەزی ئەو(تەتەر)انەیە کە لەپێناوی شەیتاندا تێ دەکۆشن. وەنموونەی ئەمانە لەو کەسانە نین کە تێدەکۆشن لەپێناوی خوادا، وە لە سەربازانی موسڵمان نین، وەجائیز نیە کە نموونەی ئەم کەسانە لەسوپای موسڵماناندا بن. بەڵکو ئەمانە لەسوپای شەیتانن، بەڵکو چاك ئەوەیە کە بە قوتابیەکەی بڵێ: پەیمانی خوات لەسەرە کە هەرکەسێك دۆستایەتی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) کرد تۆش دۆستایەتی بکەیت و دوژمنایەتی ئەو کەسەش بکەیت کە دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) دەکات، وە یارمەتی دەربیت لەسەر چاکەو تەقواو یارمەتیدەر نەبیت لەسەر تاوان و دوژمنایەتی، وە لەسەرتە ئەگەر حەق لەگەڵ من بوو حەق سەربخەیت و ئەگەر لەسەر بەتاڵ بووم بەتاڵ سەرنەخەیت. جا هەرکەسێك پەیوەست بێت بەمەوە ئەوە لەو تێکۆشەرانەیە کە لەپێناوی خوادا دەجەنگن کە دەیانەوێت دین هەمووی بۆ خوای گەورە بێت و ووشەی خوا بەرزو بڵند بێت.

١٠- زانای کۆچکردوو شێخ محمد صالح العثيمين(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە یەکێك لە فەتوا تۆمارکراوەکانیدا ڕێنمایی موسڵمانان دەکات کە لە کاتی زۆربوونی کۆمەڵ و حیزبی ئیسلامیدا بۆ ئەوەی دوور بیت لە تەفرەقەو تەعەصوبەوە چاکترین حاڵەت ئەوەیە کە پابەند بیت بە ڕێبازی سەلەفی صالح و دوور بیت لە هەموو ئەو کۆمەڵانەو نەچیتە هیچیانەوە، کە ئەمەش دەقی فەتواکەیە لەگەڵ وەرگێڕداوەکەی:

(يستفاد من قوله(صلى الله عليه وعلى آله وسلم): (إنه من يعش منكم فسير ي اختلافا كثيرا، فعليكم بسنتي...) أنه إذا كثرت الَاحزاب في الَامة لا تنتمي الى حزب، هنا ظهرت طوائف من قديم الزمان: خوارج، معتزلة، جهمية، شيعة، ثم ظهرت أخيرا: إخوانييون، وسلفييون و تبليغييون وما أشبه ذلك. كل هذه الفرق إجعلها على يسار وعليك بالَامام، وهو ما أرشد اليه النبي(صلى الله عليه وعلى آله وسلم): (عليكم بسنتي وسنة الخلفاو الراشدين). ولا شك أن الواجب على جميع المسلمين أن يكون مذهبهم مذهب السلف لا الَانتماء الى حزب معين يسمي (السلفيين). الواجب أن تكون الَامة الَاسلامية مذهبها مذهب السلف الصالح لا التحزب الى من يسمي (السلفييون). إنتبهوا الى الفرق!

هناك طريق السلف، وهناك حزب يسمي السلفييون، المطلوب إيش؟ إتباع السلف، لماذا؟ لَان الَاخوة السلفيين هم أقرب الفرق للصواب لا شك، لكن مشكلتهم كغيرهم ان بعض هذه الفرق يضلل بعضا، ويبدعهم و يفسقهم، ونحن لاننكر هذا إذا كانوا مستحقين،لكننا ننكر معالجة هذه البدع بهذه الطريقة، الواجب أن يجتمع رؤساء هذه الفرق ويقولون بيننا كتاب الله عزوجل وسنة رسوله(صلى الله عليه وعلى آله وسلم)، فلنتحاكم إليهما لا الى الَاهواء والَاراء ولا الى فلان أو فلان، كل يخطيء ويصيب مهما بلغ من العلم والعبادة، ولكن العصمة في دين الإسلام.

فهذا الحديث أرشد النبي(صلى الله عليه وعلى آله وسلم) فيه الى سلوك طريق يسلم فيه الإنسان، لا ينتمي الى أي فرقة الاّ الى طريق السلف الصالح، بل سنة النبي(صلى الله عليه وعلى آله وسلم) والخلفاء الراشدين المهديين)./ شرح الأربعين النووية – (٢٩ / ٩)

**واتـه: لـه فەرمودەكـەی پێغەمبـەری خـواوە(صـلى الله عليه وعلـى آلـه وسـلم) كـە دەفەرموێت: (إنه من يعش منكم فسير ي اختلافا كثيرا، فعليكم بسنتي...).**

**واتـە: ئەگـەر یـەكێك لـە ئێـوە بـژی ئـەوا جیاوازییـەكی زۆر دەبینێـت، جـا لەوكاتەدا دەستبگرن بە سوننەتی منەوە......**

ئەو سـوودە وەردەگیرێـت کـە لـە کـاتی زۆربـوونی  پـارت و حیزبـەکان لـە نـاو ئوممەتی ئیسلامیدا ئەوا مەچۆرە هیچ یەکێك لەوانەوە.
ئـا لێـرەدا هـەر لـە زووەوە چـەندین کۆمـەڵ دەرکـەوتن لـە وێنـەی: خـەواریج و موعتەزیلـە و جەهمییـە و شیعە، پاشـان لـەم دواییانەشـەدا ئەمانـە دەرکـەوتن: ئیخوانییـەکان و سـەلەفییەکان و تەبلیغییـەکان و هاووێنـەیان، هـەموو ئـەم کۆمەڵانە بخەرە لای چەپت و ڕووبکەرە  ئەوەی بەرامبەرت کە ئـەویش ئەوەیـە کە پێغەمبـەری خـوا(صلی الله علیه وعلی آلـه وسلم) ڕێنمـایی کـردوین بـۆی کـە فەرمویـەتی: (علـیکم بسـنتي وسـنة الخلفـاء الراشـدین) واتـە: دەسـتبگرن بـە سوننەتی من و خەلیفە ڕێنمایی کراوەکانمـەوە. وە گومـانی تێدا نییە واجبە لەسـەر هـەموو موسڵمانان کە مەزهـەبیان مەزهـەبی پێشین(سـەلەف) بێـت نـەك پابەنـدبوون بـە حیزبێکـی دیـاری کـراوەوە بـە نـاوی (سـەلەفییەکان)، واجبـە ئوممـەتی ئیسـلامی مەزهـەبیان مەزهـەبی سـەلەفی صـاڵح بێـت نـەك پابەنـدی حیزبێك بن بە ناوی(سەلەفییەکان)ەوە. جا ئاگاداری ئەم جیاوازییە بن!
ڕێگای پێشین(سەلەف) هەیەو لەولاشەوە حیزبێك هەیە بە ناوی سەلەفییەکان، چیمان لێ داواکراوە؟ شـوێنکەوتنی سـەلەف، بۆچی؟ چونکە برایـانی سـەلەفی نزیکترین کۆمەڵن لە ڕاستییەوە ئەمە گومانی تێدا نییە، بەڵام گرفتی ئەوانیش وەك غـەیری ئـەوان ئەوەیـە کـە ئـەو کۆمەڵانـە یـەکتری بـە گـومڕاو بیدعەچـی و فاسق لەقەڵەم دەدەن، وە ئێمە ئینکاری ئەم کارەیان ناکەین ئەگەر ئەوانـەی تـر موستەحەقی ئەوە بن، بەڵام ئینکاری چارەسەرکردنی ئەو بیدعانـە دەەین بـەو شێوازو ڕێگایە، واجب ئەوەیە سەرکردەی هـەموو ئـەو کۆمەڵانـە کۆببنـەوەو بڵێن: قورئانەکەی خوای گـەورەو سـوننەتی پێغەمبـەرمان(صلی الله علیـه وعلی آله وسلم) لە نێواندایە، دەی سا وەرن با حوکم بەرینەوە بۆ لای ئەو دوانە نـەك بۆ لای هەواو بۆچونەکان و نە بۆ لای فڵان یان فیسار، هـەموو کەسێك هەڵـەو ڕاسـتی لـێ دەوەشـێتەوە سـا پلـەی زانسـت و پەرستشـی هـەر چـەندێك بێـت،

بەڵام پارێزراوی‌و تەواوی تەنها بۆ دینی ئیسلامە. ئەم فەرمودەیە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وعلى آله وسلم) تیایدا ڕێنمایی کردووە بۆ گرتنە بەری ئەو ڕێگایەی مرۆڤ تیایدا سەلامەت دەبێت. ئەویش ئەوەیە نەچێتە هیچ یەکێك لە کۆمەڵەکانەوە جگە گرتنەبەری ڕێگای پێشین(سەلەف)ی صالح، بگرە سوننەتی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وعلى آله وسلم) و جێنشینە ڕێنمویی کراوەکانی.

١١- لەگەڵ هەموو ئەو خاڵانەی پێشوو باسکرا، ئەمە مانای ئەوە نی‌یە فەرمان کردن بە چاکەو بەرگری کرن لە خراپە بوەستێنرێت و بە خراپکار نەوترێت خراپەت کردو هەڵەکان ڕاست نەکرێنەوەو کەس شیاوی هەجرو سزادان نەبێت، نەخێر پێویستە ئەوانەی بانگخوازن بۆ بیدعەو خراپەو دەیانەوێت عەقیدەی خەڵکی موسڵمان بشێوێنن و حەرامەکان بە پاساوی بەتاڵ بۆ خەڵك حەڵاڵ دەکەن و ڕێبازی سەلەف دەشێوێنن ئاگاداربکرێنەوەو پێیان بوترێت هەڵەتان کردو ئەگەر هەر دەستیان هەڵنەگرت پێویستە بناسێنرێن، لە پێش ئەمانیشدا ئەو کۆمەڵانەی شەوو ڕۆژ لە سەنگەری خەڵك بێ دین و بێ ڕەوشت کردندا کاردەکەن و بەهەموو هۆکارەکان خەڵك بەرەو دۆزەخ بانگ دەکەن و بە ئاشکرا دەری دەبڕن کە دەیانەوێت دین لە کاروباری خەڵك دووربخەنەوەو بەندی بکەن لە سوچی مزگەوتەکانداو وەك کەنیسەکانی لێ بکەن پێویستە پەردەیان لەسەر هەڵماڵرێت، چونکە ڕاستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە کەسانێك هەن تا دوێنێ بە دوژمنیان ناو دەبردن و موسڵمانانیان ئاگادار دەکردەوە لە خەتەریان ئەمڕۆ پێشبڕکێیانە بۆ ڕازی کردن و دۆستایەتی کردنیان، جا لەم غوربەتەدا پێویستە ئەهلی شوێنکەوتەی ڕێبازی سەلەف زیاتر لە هەموو کەسێك هەستن بەو بانگەوازە تا ڕێبازی موجریمین دەرکەوێت: ﴿وَكَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ الْمُجْرِمِينَ﴾ الأنعام/٥٥. هەروەها

ئەوانــەی لــەناو موســڵماناندان و خــەڵك بــانگ دەكــەن بــۆ دەمــارگیری و حیزبایەتیو پارچەپارچە بوون، بەڵام لەمەشدا دەبێت جیاوازی بكرێتە نێوان زاناو نەزان و شارەزاو عەوام سەركردەو سەربازو ئەو كەسەی ڕاستییەكانی بـۆ ڕوون نەكراوەتـەوە، كـە پێویسـتە زیـاتر خۆیـان لێ نزیـك بكرێتـەوە تـا ڕاسـتییەكان تـێ دەگەیـەنرێت و بـە نـەفامی و نـەزانی هەڵنەخەڵـەتێنرێت. چونكە ئەمانە زۆرتر پێویستیان بە سەلام لێ كردن و زەردەخەنەو سەردانكردن هەیـە، پێغەمبـەری خـواش(ﷺ) بـە مەبەسـتی هیدایـەت وەرگرتنـی جولەكـەو موشـریكەكانیش سـەردانی كـردوون. گومانیشـی تێـدا نییـە لـەم سـاڵانەی دوایـیـدا خــەڵكانێكی زۆر وازیــان هێنــا لــە حیزبایــەتیو دەمــارگیریو شـوێنكەوتنی كوێرانـەو وەڕسـت بـوون لـەو هـەموو هەڵـەو ناشـەرعییانەی دەیبینـن و بـە بانگـەوازی وورد ڕاسـتییەكانیان بـۆ ڕوون كرایـەوەو دەسـتیان دایە عیلم و عیبادەت، بەڵام ئەو كۆمەڵە كەسانەی بە هەق و بەتاڵ و بەبێ عیلم و بـە هـەواو ئـارەزوو كەوتونەتـە دژایـەتی كـردن و پشـت كـردن لـە موسـڵمانان بەهانەیان دەدەنە دەست تا تێهەڵچنەوەو بگەڕێنەوە بۆ كـارە خراپەكـەیان. جا وێـڕای ئـەوەی ئـەم كارەیـان ناشـەرعییە خـەڵكێكی زۆریـش لـە شـوێنكەوتنی فەهمی سەلەف دەتۆرێنێت، لەبەر ئەوە لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە كە مەبەستێتی خەڵك هیدایەت وەربگرن ئەم ڕاستییە بزانێت.

ئەمە ووتـەی من بـوو – كـە بە بەڵگـەی قورئـان و سـوننەت و ووتـەی دوو زانـام هێنـاوە لەگـەڵ بـوونی چـەندان بەڵگـەی تـر – ئەگـەر پێكـابێتم لـە خـوای پەروەردگارەوەیـە، خـۆ ئەگـەر بەهەڵـەدا چووبم لـە نـەفس و شـەیتانەوەیەو لـە ئێستاوە لێی پەشیمانم، خوای گەورە بە فەزڵی خۆی ڕاستییەكانمان نیشان بدات و تەوفیقمان بدات شوێنی بكەوین، خوای گەورە بمانكاتە كلیلی خـەیرو داخەری خراپەو بمانپارێزێت لە خراپـەی نـەفس و شـەیتان و هـەواو ئارەزوو،

**هیدایەتدراوی هیدایەتدەر بین نەك گومڕای گومڕاكار. هەموومان لە بازنەی (خَـیر أُمَّـة)دا كۆبكاتەوەو لەسەر عەقیدەی سەلەفی صالح بمانژێنێت و بمانمرێنێت، وە لە خزمەت ئەواندا لەبەهەشتەكەی خۆیدا كۆمان بكاتەوه........آمین**

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

وصلى الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا اله الا أنت أستغفرك وأتوب اليك.